

## سپیکەرێکی هۆشمەند لە عەلی باباوە

عەلی بابا گەورەترین کۆمپانیای کڕینی ئۆنلاینی چینیە، هاوشێوەی کۆمپانیای ئامازۆن، لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو سپیکەری هۆشمەندی بەناوی (Tmall genie) خستەڕوو.

سپیکەرێکە هاوشێوەی سپیکەری ئامازۆن و گوگل هۆمە، هەروەك ئەوانیش زانیاری لە بارەی کەش و هەوا، هەواڵەکان بڵاودەکاتەوە. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سپیکەری عەلی بابا، دەتوانی یادداشت هەڵبگریەوە، کۆنترۆڵی ئامێرە هۆشمەندەکانی ماڵەوەی پێبکەی. ئەرکێکی گرنگی سپیکەرەکە ئەوەیە کە دەتوانی داوای کەل و پەلی ئەلکترۆنی لە کۆمپانیای ناوبراو بکەی، سپیکەرەکە زیاتر لە وڵاتی چیندا سوودی لێدەبیندرێ، چونکە تەنیا بە زمانی چینی وەڵامی فەرمانەکان دەداتەوە.

## سێرڤێس ستۆدیۆ کۆمپیوتەرێکی گشت کارە

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کۆمپیوتەرێکی گشت کارەی واتە (AIO) بەرهەم هێناوە، کۆمپیوتەری سێرڤێس ستۆدیۆ (surface studio) کە بیرۆکەکەی لە کۆمپیوتەری ئای مەکی ئەپل وەرگرتووە، تەنکە و سەرنج راکێشە. لەم کۆمپیوتەرەدا ئامرازێکی نوێ بەناوی دیجیتال دیال بەکارهاتووە بۆ ئەوەی کە لە گشت پرۆگرامێکی گرافیکی بگونجێت. شاشەکە تەنیا ٢٨ ئینجە و زۆر تەنکە بارستاییەکەی تەنیا ١٢٥ ملمە. مەزەلبۆرد، CPU و RAM و پارچەکانی دیکە لە خوارەوە داندراون. پرۆسیسەرەکەی لە جۆری Cori 7 و رامەکەی هێبریدی HDDیە، ئەمەش وا دەکات کۆمپیوتەرەکە هیچ کات گەرم دانەیەت. شاشە لەمسییەکەی زۆر هەستیارە و وردە.



## هۆندا و رۆبۆتی تایبـــــــــــــــ




پێدەچێ مرۆڤی داهاتوو پاڵداتەوە و سەیر بکات کارو ئەرکەکان بە رۆبۆتەکان بسپێرێ، کۆمپانیای هۆندا لەم چەند ساڵەدا رووی کردۆتە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، لەم ماوەیەدا دوو رۆبۆتی بەرهەم هێناون کە تایبەتن بە فڕێز و چیمەن لێدان..

رۆبۆتی جۆری HRM 310 کە بە شەحنی پڕ دەتوانێت ٨٠ دۆنم فریز لێبدات. و رۆبۆتی جۆری HRM520 دەتوانێت ١٢٠ دۆنم فریز چاك لێبدات. رۆبۆتەکان کۆمپیوتەرێکی بچووکیان لەسەرە کە ئەرکی ئەو فرمانانەی پێیان دەسپێردرێت جێبەجێ دەکەن و باترییەك و هەستەوەرێك بۆ رێکخستنی کاتەکان، دەکرێت بۆ شەو یان رۆژ کات دابنێیەوە، نە تەنیا ئەوە هەستەوەرەکە

# بڵندگۆی سمارتی هۆم پاد

ئەپل نوێترین سپیکەری سمارتی خۆی بەناوی (home-pod) خستەڕوو، ئەویش دیتە ریزی بڵندگۆ هۆشمەندەکانی وەك گوگل هوم و ئامازۆن ئیکۆ...

هۆم پاد ئەزموونێکی نوێ لە گوێدان بە مۆسیقا دەخاتەڕوو، سپیکەرەکە جۆرێك دیزاین کراوە تێکەڵاوێکە لە سپیکەرێکی هۆشمەند و سپیکەرێکی ئاسایی کلاسیکی.

یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی هۆم پاد بڵاوکردنەوەی دەنگی سێ رەهەندییە لە هەموو لایەکەوە. بڵندگۆی ناوبراو شەش مایکی هەیە بۆ ناسینی دەنگی بەکارهێنەرەکەی بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر لە هەر شوێنێك بێت بتوانێت بە دەنگ کۆنترۆڵی بکات.

هۆم پاد شوێنی بەکارهێنانەکەی خۆی دەناسێ، واتە ئەگەر لە شوێنێکی بچووك بێت دەنگەکەی تەنیا بەقەد مەودای ئەو شوێنە دێت بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر بە دەنگی بەرز بێزار نەبێت، بەپێی شوێنەکە دەنگی بەرز و نەوی دەکات. سپیکەرەکە لەگەڵ ئەپل موزیك و «سێری» پەیوەندی هەیە، بۆیە ئەگەر لەکاتی گوێدان بە گۆرانییەك لێی بپرسی ئەم گۆرانیبێژە کێیە، وەڵامت دەداتەوە.

جگە لەوە گەر پرسیار بکەی لە کات و رۆژ وەڵامت دەداتەوە و جگە لە زانیارییەکانی تایبەت بە کەش و هەوا، سەردێڕی هەواڵەکان، هەواڵە وەرزشییەکان و بیرهێنانەوەی کاری رۆژانەو دیدار و چاوپێکەوتنەکان بۆ بەکارهێنەرەکەی دووپات دەکاتەوە.






# کاتژمێرێکی هۆشمەند بێ وزە کار دەکات

ئامێرە هۆشمەندەکان چ مۆبایل یان کامێرا یان کاتژمێر یا هەر ئامێرێکی دیکە پێویستی بەوەیە شەحن بکرێتەوە، هەرچەندە کاتژمێرە سمارتەکان شەحنیان کەمتر دەوێت و درەنگ باترییەکەیان دادەبەزێت، بەڵام هەر دەبێ شەحن بکرێنەوە.. لە نێو ئەواندا تەنیا کاتژمێری جۆری sequent نەبێت کە وەك کاتژمێرە کلاسیکیەکان تەنیا بە جوڵەی دەستی بەکار هێنەرەکەی شەحن دەبێتەوە.

کاتژمێری ناوبراو وەك هەموو کاتژمێرە سمارتەکان، دەتوانێت دەستنیشانی پێوانی دڵ بکات، هەروەها سیستەمی تایبەت بە وەرزش کردن و سیستەمی دۆزینەوەی شوێنی جوگرافی و بلوتوس و ئاگادارییەکانی سەر مۆبایل وەك پەیوەندی و کورتەپەیامەکان تێدایە.




## ـــــــەت بە فریز بڕینەوە




دەتوانێت بەپێی وەرزەکانیش کات دابنێتەوە، بۆ نموونە وەرزی بەهار کە چیمەنەکان زووتر گەشە دەکەن و سەرهەڵدەدەن زیاتر پێویستیان بە لێدان و رێکخستنە.

تیغەکانی لە پۆڵا دروستکراون و بە هەردوو لای چەپ و راستدا دەسووڕێن. دەتوانێت پرۆگرامی بۆ دابنێی کە چیمەنەکان بە نەخش و نیگار ببڕێتەوە. یان کورت و درێژ بیانبڕێتەوە. گەر کەسێکیش نیازی هەبێت رۆبۆتەکە بدزێت، لە سەرەتادا زەنگی هۆشیارکردنەوە لێدەدات و گەر هەر وەڵامی نەدرایەوە لەکار دەکەوێت و دەبێت کۆدی تایبەتی لێبدەی تا چالاك دەبێتەوە.



# تەنیا بە دە چرکە ددانەکانت پاک دەکاتەوە

رۆژێـك دێت تەکنەلۆژیا مرۆڤ دەکاتـە دیلـی خـۆی، مرۆڤ تەنیا سـەیر دەکات و گشـت کارەکان تەکنەلۆژیـا ئەنجامـی دەدات. هەتا ئەمڕۆکە شـوردنی قـاپ و جلوبـەرگ بە ئامێر کـراوە و لەداهاتوویەکی نزیکدا تەنانـەت ددانەکانیشـت بۆخۆت ناشـۆی، بەڵکو فڵچـەی دیجیتالی ama-bursh تەنیا بە دە چرکە ددانەکانت وەك بەفر سپی دەکاتەوە.

فڵچەی ددانەکە هی کۆمپانیای بلیزیدنتە، ئەو فڵچە نوێیە نە تەنیا ددانەکان خاوێـن دەکاتـەوە بەڵکـو ٩٩٪ هەرچی باکتریای نـاو ددانە و دەبێتە هۆی کلۆر بوون و تێکچوونی ددان لەناو دەبات.

شـێوازی کارکردنـی فڵچەکـە وەك فڵچـەی ئاسـایی نییـە، بگـرە وەك ددانێکـی دەسـتکردە و دەچێتە ناو دەم و ئۆتۆماتیکی دەسـت بە شـوردنی ددانەکان دەکات. فڵچـەکان لـە مادەیـەك دروسـتکراون کە هیچ کێشـەیەك بۆ پووکەکان دروسـت نـاکات و زۆر نەرمـن. پێویسـت نـاکات خـۆت مەعجـون (کرێمـی ددان شوشتن) بخەیە سەری بەڵکو بە داگرتنی دوگمەیەك بەپێی پێویست مەعجـون لەناو کونـی فڵچەکانەوە دێتە دەرێ. فڵچەکە لە ماوەی مانگێکدا دەبێ شەحن بکرێتەوە.

# کۆمەڵە پرۆگرامێک لە یەک پرۆگرامدا




یەکێك لە پرۆگرامە بە سـوودەکان پێویسـت دەکات لەسـەر هەموو کۆمپیوتەرێك بێت، پرۆگرامی free studioیە. ئەم پرۆگرامە ٤٨ پرۆگرامی بچووکی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە لە بواری دەنگ و ڕەنگدا بەتایبەتی گۆڕینی فۆرماتەکان بە سوودە. بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە دیسکتۆپ، دابەزاندنی ڤیدیۆ لە سایتەکانی وەك یۆتیۆب، ناسینی جۆرەکانی مۆبایل و گۆڕینی فۆرماتەکانی دەنگ و ڕەنگیان.

وەك گۆڕینـی فیلمەکانـی dvd بـە فۆرماتەکانی دیکە، گۆڕینی فۆرماتـی ڤیدیۆیـی بـە فۆرماتی فلاش، گۆڕینـی فۆرماتەکانی 3G. لـە بـواری وێنەشـدا گۆڕینـی هەمـوو فۆرماتەکانی وێنە. دەسـتکاریکردنی سـایزی وێنەکان، وێنەکان دەکاتە بە وێنەی سێ ڕەهەنـدی. بـۆ ریکۆرد کردنی جۆرەکانی DVD، لەگەڵ گشـت سیستەمانی ویندۆزیش دەگونجێت.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسـێت، میمۆری مۆبایلەکەم پێموایە تێکچووە چونکە ئەو وێنانەی لەودا خەزن کراون نیشـاندا و لەسـەر کۆمپیوتەریـش فایلـەکان جۆرێکـی دیکـە نیشـان دەدا، ئایـا وێنەکانم دەگەڕێنەوە؟**

خوێنـەری بەڕێز لەسـەرەتادا کـێ دەڵێت میمۆرییەکەت تێکچـووە، میمۆرییەکەت ڕەنگـە پـڕ بووبێ و شـوێنی دیکەی نەمابێ، بۆ هێنانـەوەی وێنەکانیش دەبێ پرۆگرامی ZAR X لەسـەر کۆمپیوتـەر دابەزینـی بەهـۆی ئـەو پرۆگرامەوە دەتوانی وێنـەکان بگەڕێینەوە، بەڵام چۆنیەتی کارپێکردنەکەی لە یوتیۆب سەیری بکە...

# تەنکترین شەحنی مۆبایل



«شارژر» که له زمانی بازاڕیدا پێی دەگوترێت شەحن، یان شەحنکردنەوە ئامێرێکە لە نێوان هێزی وزە و ئامێرێك کە پێویستی بە بارگاوی کردنی باترییەکەیەتی.. لەم دواییەدا کۆمپانیای kado تەنکترین شەحنکەرەوەی مۆبایل خستەڕوو، بارستایی ئامێرەکە تەنیا ٥ ملمە. کێبڵی شەحنکردنەوەش دەچێتەوە ناوخۆی بۆ ئەوەی تەنکتر نیشان بدرێ. شەحنکەرەوەکە بۆ مۆبایل و تەبلێت و ئامێرەکانی دیکە وەك کامێرا و ئامێری یاری سوودی لێوەردەگیرێ. هێزی وزەی ٥ ڤۆڵتەیە، ٢,١ ئەمپیرە. بۆیە زۆر بە خێرایی شەحن دەکاتەوە. ستایلی شەحنکەرەوەکە چەند رەنگێکی هەیە.

# سینەما لە گیرفاندا



داتاشۆ بچوکەکان لەناو بازاڕی تەکنەلۆژیای نوێدا خەریکە شوێنی خۆیان دەکەنەوە. لەم دواییەدا پرۆژکتەر واتا داتاشۆیەکی بچووك کە لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە لەلایەن asusەوە بەرهەم هات، داتاشۆی جۆی zenbean go e1z کێبڵی USB هەیە و دەکرێت لە رێگای فلاش میمۆرییەوە داتاکان بخەیە سەری.

داتاشۆیەکە بۆ نیشاندان پانتاییەکی ١٢٠ ئینجی دەگرێت. لە سیستەمەکانی ئەندرۆید و ویندۆز پشتیوانی دەکات. دەکرێ بڵێین گەشترین داتاشۆی بچووك واتە گیرفانییە.. باترییەکەی تا ٥٠ کاتژمێر کار دەکات، دەکرێت وەك پاوەربانکێکیش سوودی لێوەربگری. کێشەکەی تەنیا ٣٠٧ گرامە، تەمەنی کارکردنی ٣٠٠ هەزار کاتژمێرە. دەتوانێت ڤیدیۆیەکانی full HDیش بڵاوبکاتەوە.



# سایتێک بۆ دەربڕینی دەستەواژەی هەر زمانێک

گەلێك سایت هەن بۆ فێرکردنی زمان، گرفتی سەرەکی ئەو کەسانەی کە تازە فێری هەر زمانێك دەبن ئەوەیە کە ناتوانن دەستەواژەکان وەك خۆی دەرببڕن، هەرچەندە هەندێك زمان بۆ نموونە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و..تاد لەلایەن رۆبۆتێکەوە دەردەبڕدرێن، بەڵام دەربڕینی رۆبۆت وەك دەربڕینی مرۆڤ نییە، سایتی https://fa.forvo.com/ سایتێکە بۆ دەربڕینی دەستەواژە بە هەر زمانێك، تەنانەت زمانی کوردیش، سەیر لە سایتەکە بدە و دەتوانی بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەت هاوکاریان بی دەستەواژەی زیاتر بە زمانەکەتەوە زیاد بکەی..

